# بەراوردی شیعری "گل فراموشم مکن" ی (ئیرەج میرزا) و "لەبیرم مەکە"ی (هێمن موکریانی) لەژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی بەراوردی ئەمریکی

**م.ی.کانیاو قادر عەلی**
بەشی زمانی کوردی،
پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین
kanyaw.qadr@uor.edu.krd

**پ.سافیە محەمەد ئەحمەد**
بەشی زمانی کوردی،
پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین
safya.kurde@uor.edu.krd

**پوختە:**

ئەدەب بەرهەمی نەستە و ئەو زمانەی پێی دەنووسرێت خاوەن سیما و تایبەتمەندی خۆیەتی؛ بۆیە ئەدگارێکی جیاکاری هەیە لەگەڵ هەموو جۆرە دەربڕین و نووسینێکی تر، هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری لەیەک نزیکی و هاوبەشبوونی ئەدەبی جیهانی لە چەندان خەسڵەت و بونیاتە هاوبەشەکانی هەر ژانرێک لە ژانرەکان.

شیعریش وەک بەشێک لە ئەدەب، چ لەڕووی ڕوخسارەوە چ ناوەڕۆکەوە، لەم لایەنە بەدەر نییە و لە پاڵ ئەمەشدا بە پێی شێوازی شاعیرەکە و ئەو قۆناغەی ئەدەبییەی تێیدا هاتۆتە بەرهەم هەڵگری تایبەتمەندی و ناسنامەیەکی دیارکراوی خۆیەتی. هاوبەشی و لێکنزیکی دوو دەقی ئەدەبی شتێکی ئاسایی و هەبووە، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی کاریگەربوونی نووسەر و شاعیرێک بێت بە نووسەر و شاعیرێکی تر، چ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆبێت و لە ئەنجامی هاوبەشبوونی ئایین و کەلتوور و ڕۆشنبیری هاوبەش بێت، کە هەندێک جار نووسەرەکان بەو هۆکارانە کارتێکراو دەبن و هەمان تێڕوانینیان بۆ دیاردە و جیهانە دەورووبەر بۆ دروست دەبێت، لە ئەنجامدا دەقی لەیەکچوو بەرهەم دێن؛ بۆیە لەو

سۆنگەیەوە ئەو توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی(بەراوردی شیعری " گل فراموشم مکن " ی (ئیرەج میرزا) و " لەبیرم مەکە " ی (هێمن موکریانی) لە ژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی ئەمریکی ئەنجامدراوە.

ئەم توێژینەوەیە بەراوردی ئەم دوو دەقە شیعرییەی کردووە لە چوارچێوەی پرەنسیپ و تایبەتمەندییەکانی ئەم قوتابخانە بەراوردییە و بە پێی پلانێکی زانستی توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی، بەسەر دوو بەش دابەشکراوە. بەشی یەکەم، تایبەتە بە لایەنی تیۆری و باسەکانی چەمک و زاراوەی ئەدەبی بەراورد، مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراورد، گرنگی بەراوردی ئەدەبی و تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەی بەراوردی ئەمریکی باسیان لێوە کراوە. بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ لایەنی بەراوردکردنی هەردوو دەقەکە، تەوەرەیەکیان تایبەت کراوە بە لایەنە لێکچووەکانی هەردوو دەقەکە و تەوەرێکیشیان تایبەتکراوە بە لایەنە جیاوازەکانی هەردوو دەقەکە. لە کۆتایشدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە و پوختەی توێژینەوەکەش بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** ئەدەبی بەراورد، قوتابخانەی ئەمریکی، لەبیرم مەکە، گل فراموشم مکن، چیرۆکە شیعر.

## پێشەکی

ئەدەبی بەراورد لقێکی گرنگی ئەدەبیاتناسییە، ئامانجی بەراوردکردنی دەقە ئەدەبییەکانە لە پێناو خزمەتکردنی ئەدەبی نەتەوەیی و دۆزینەوەی ڕایەڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەدەبی گەلان. چەند قوتابخانەیەک دەگرێتە خۆی، کە هەریەکەیان میکانیزم و بنەمای کارکردنی تایبەت بەخۆیان هەیە و جیاوازن لە یەکتر. یەکێک لەو قوتابخانانە قوتابخانەی ئەمریکییە، بە پێی پرەنسیپی ئەم قوتابخانەیە ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکان پرۆسەی بەراوردکارییان تێدا ئەنجام دەدرێت، هەتا ئەگەر هاوزمانیش بن، چونکە لەم قوتابخانەیەدا جیاوازی زمانی دەقە بەراوردکراوەکان و لایەنی کاریگەری و کاتێکردنی نووسەران و شاعیران مەرجی سەرەکی بەراوردکردن نین، بەڵکو زیاتر گرنگی بە دۆزینەوەی ئاستی داهێنان و لایەنی ئیستاتیکی ئەو دەقانە دەدات، کە دەخرێنە تەرازووی بەراوردکارییەوە و هەبوونی خاڵی جیاواز و لێکچووی نێوان دەقەکان پرۆسەی بەراوردکردنەکە جوانتر دەردەخات. بەپێی بنەماکانی ئەم قوتابخانەیە دەقە شیعری (لەبیرم مەکە) لەنێوان (ئیرەج میرزا) و (هێمن موکریانی) لەچوارچێوەی توێژینەوەیەکدا بەراورد دەکرێن.

### هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:

ئیستاتیکای دەق لە دەقە ناوبراوەکانی هەردوو شاعیر سەرەڕای هاوبەشبوونیان لە چەند لایەنێک، کە وایکردووە ببن بەخاوەن خەسڵەتی دیارکراوی خۆیان، بەڵام جیاوازیشیان تێدا بەدی دەکرێت.

### گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:

گرنگیدان بە ئەدەبی نەتەوەیی و بەستنەوەی بە ئەدەبی جیهان، کە لە ئامانجە هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی قەتابخانەی بەراوردی ئەمریکییە.

### گرفت و کێشەی توێژینەوەکە:

کاری بەراورد ئامرازێکی زانیارییە و ئەو دوو دەقە شیعرییە جیا لە قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسی دەتوانرێت بە پێی پرەنسیپەکانی قوتابخانەی بەراوردی ئەمریکیش بەراوردێکی زانستییان بۆ بکرێت.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بە (ڕەخنەی بەراورد) ئەنجامدراوە و تێیدا قوتابخانەی بەراوردی ئەمریکی کراوەتە بنەمای کارکردن، کە بە شێوەی ڕەخنەی پراکتیکی بەراوردی کار لەسەر دەقەکان دەکات.

**سنووری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە هەردوو دەقە شیعری (گل فراموش مکن) ی ئیرەج میرزا و (لەبیرم مەکە) هێمن موکریانی وەک کەرەستەی ئەدەبی هەڵبژاردووە.

**چوارچێوەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی، بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە. لە بەشی یەکەمدا، بۆ ئاشنایەتی و شێوازی توێژینەوەی ئەکادیمی وەک ڕێگە خۆشکردن بۆ چوونە ناو کرۆکی بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی تیۆری چەند سەرە بابەتێک لەخۆ دەگرێت وەک: (چەمک و زاراوەی ئەدەبی بەراورد، گرنگی ئەدەبی بەراورد، قوتابخانەی بەراوردی ئەمریکی و تایبەتمەندییەکانی). بەشی دووەمیش تایبەتە بە لایەنی بەراوردکردنی هەردوو دەقەکە بە شێوەی ڕەخنەی پراکتیکی. لە کۆتایشدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکی چڕ و پوخت ئاماژەیان پێدراوە، دواتریش ئەو ژێدەرانەی بۆ نووسینی توێژینەوەکە سوودیان لێوەرگیراوە بە ڕیزبەندی زانستی دروست خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم:

## سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی ئەدەبی بەراورد

### یەکەم: زاراوە و پێناسەی ئەدەبی بەراورد.

ئەدەبی بەراورد لقێکی ئەدەبیاتناسییە و بەهاوبەشی و سوود وەرگرتن لەگەڵ لقەکانی تری (مێژووی ئەدەب، تیۆری ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی، ئیستاتیکای ئەدەب) بەرهەمی ئەدەبی شرۆڤە و شیدەکەنەوە.

ئەدەبی بەراورد لەڕووی زاراوەوە، پێکهاتەیەکی لێکدراوی هەیە و لەهەردوو زاراوەی (ئەدەب، بەراورد) و پێکهاتووە. سەرەتا بە پێی

بەکارهێنانی لەناو ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکاندا زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهێنراوە، بەڵام وەکو زاراوەیەکی گشتگیر ((لە ئەدەبی جیهانیدا یەکەم جار کە ئەدەبی بەراوردکاری وەکو زاراوەیەکی زانستی بۆ ئەم لێکۆڵینەوانە بەکارهاتبێ لە سەدەی نۆزدەم بوو، کاتێ کە ڤیلمانی فەرەنگی لە ساڵی ١٨٢٧ لە زانکۆی سۆربۆندا لە موحازەرەکانی بەکاریهێنا و پاشانیش بۆ ساڵی ١٨٣٠ و بەدواوە لە گەڵێ کۆڕ و کۆبوونەوەدا کردی بە ناونیشانی موحازەرەکانی و ساڵی ١٨٤٠ خستیە ناو کتێبەکانی و بە تەواوی چەسپاندی. یەکەم کەسیش لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بەکاری هێنابێ (ماتیۆ ئارنۆلد) بوو)) (گەردی، ١٩٧٨، ١٣)، واتا: بەکارهێنان و چەسپاندنی زاراوەی زانستی ئەدەبی بەراوردکاری بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم. لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (الأدب المقارن)ی بۆ بەکاردەهێنرێت و لە فارسیدا زاراوەی (ادبیات تطبیقی) و لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Comparative Literature) و لە زمانی ڕووسیدا زاراوەی (Cpabtelmenbha Literatupa) بۆ بەکاردێت. (ئەمین و حسێن، ٢٠١٨، ١٥٠) هەروەها بە زمانی ئەڵمانی (Vergleichende Literaturwissenchaft) و ئیتاڵی (Litteratwa Comparata) و یابانی (Hikaku bungakn) و ئیسپانی (Literatura Comparada) ی پێ دەگووترێت. (مەعروف، ٢٠٠٨، ١٣)

هاوشێوەی ئەم زمانانە لە زمانی کوردیشدا زاراوەی (ئەدەبی بەراورد) بۆ ئەم زانستە دانراوە، کە لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرگیراوە، هاوکات دەکرێت وەرگێڕانێکی دەقاودەقی وشەیی (الأدب المقارن)ی عەرەبی بێت.

ئەدەبی بەراورد بە هۆی ئەو سروشتە فراوان و گرنگی و پێگە سەرەکییەی لە ئەدەبیاتناسی و ئەدەبیاتی گەلاندا هەیەتی چەندان لێکدانەوە و پێناسەی بۆ کراوە و لەلایەن ڕەخنەگران بە چەند شێوەیەک ناسێنراوە. لە پێناسەیەکدا دەوترێت: ((ئەدەبی بەراورد بەزۆری لە پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەز دەکۆڵێتەوە، جا ئەو دوو ڕەگەزە دوو کتێب بێت یان دوو نووسەر یاخود کۆمەڵێ کتێب و کۆمەڵێ نووسەر یاخود تەواوی ئەدەبی دوو نەتەوە)). (ئەسوەد، ٢٠١١، ٥١) بە پێی ئەم بۆچوونە ئەدەبی بەراوردکاری

کار لەسەر ئەدەبی نەتەوەیی و زیاتر لە بەرهەمێک دەگرێتەوە پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەز، کتێب، نووسەری ئەدەبی دوو نەتەوە ئاشکرا دەکات و خاڵی جیاواز و لێکچوویان دیاریدەکات.

ئەدەبی بەراورد لە پێناسەیەکی تردا ((بریتییە لە هونەرێکی ڕێکخراوی بەرنامەدار، کە لە چۆنێتی و چییەتی پەیوەندییەکان و لایەنەکانی لێکچوون، جیاوازیی، نزیکایەتی و پێکەوە کاریگەربوونی دوو ئەدەب لەیەکتر یان هەر بوارێکی تری مەعریفی دەکۆڵێتەوە)). (خەیات، ٢٠١٩، ٢٢٤) واتا: ئەدەبی بەراورد مەیدان و بواری کارکردنی فراوانە و لە سنوری ئەدەبدا قەتیس نامێنێت، بەڵکو پەل بۆ کایە هونەری و مەعریفییەکانی تریش دەهاوێت و لەگەڵ دەقە ئەدەبیدا بەراوردییان دەکات . نووسەرێکی تر بەوە پێناسەی دەکات، کە ((بەراوردی ئەدەبی لە بەیەکگەیشتنی ئەدەبیاتە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە و هەوڵ دەدا پەیوەندییەکانی ڕابردوو و ئێستای ئەدەبیاتەکان دەستنیشان بکا و لایەنەکانی کارتێکردن و کاریگەربوونیان ڕوون بکاتەوە)) (شوان، ٢٠١٤، ١٦) واتا: هەوڵی بەیەک بەستنەوەی ئەدەبیاتە جیاوازەکانی جیهان دەدات لەسەر بنەمای کارتێکردن و کاریگەر بوون و گەڕانەوە بۆ مێژووی ئەدەب، کە ئەمەش بنچینەی کارکردنی قوتابخانەی بەراوردی فەڕەنسییە.

(ریمون طحان) لە کتێبی (الأدب المقارن و الأدب العام) پێی وایە: ((توێژینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاری گرنگی دەدەن بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەبە نیشتیمانییە دیارکراوەکانی تایبەت بە زمانێکی نەتەوەیی دیارکراو، یاخود لە نێوان دوو ئەدەبی جیاواز کە هەریەکەیان خاوەن زمانی نەتەوەیی خۆیانن))(طحان، ١٩٧٢، ٨)، جەختی لەسەر ئەدەبە نەتەوەیی کردۆتەوە و زمانی جیاوازی نەکردۆتە مەرجی سەرەکی.

دوای خستنەڕووی هەموو ئەو پێناسانە دەتوانین بڵێین ئەدەبی بەراورد بە پێی پرەنسیپ و ئەو دەستورانەی هەریەکێک لە قوتابخانە جیاوازەکان بۆیان دیارکردووە کار دەکات و لەسەر یەک پێوەر و لایەن ناوەستێت، کارکردنی بریتییە لە بەراوردکردنی دوو بەرهەمی ئەدەبی یان ئەدەب و

هـــونەر و مەعریفەکـــانی تـــر بەمەبەســـتی دەرخســـتنی لایەنە جیـــاواز و هاوبەشەکانی نێوانیان.

**دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراورد.**

مێـژووی سـەرهەڵدانی ئەدەبـی بەراورد دەگەڕێتەوە بـۆ نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نـۆزدەیەم، بە تـایبەتیش کاتێـک فەڕەنسـییەکان هەوڵیانـدا زاراوەی (بەراوردکردن) لە بوارەکانی تری زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە بگوازنەوە بـۆ نێـو دنیـای ئەدەبیـات و بەراوردکردنـی بەرهەمە ئەدەبییەکـان. ئەم لـقەی ئەدەبیات مێژووی سەرهەڵدانی بەپێی وڵاتەکان جیاوازە. لانکەی سـەرهەڵدانی ئەم ئەدەبە فەڕەنسـا بـوو، کە بـۆ یەکەم جـار لە (١٢) ی ئـازاری سـاڵی ١٨٣٠ لەسەر دەستی (جان-جاک ئەمبیری)، کە لە (مارسیلیا) لەدایک بوو، ئەویش کاتێـک بەرنـامەی سـاڵی خوێنـدنی خـۆی لەژێـر نـاوی (مێـژووی بەراوردی هونەر و ئەدەب لای تەواوی میللەتان) ئاشکرا کرد، بەڵام ئەمە پەسەند نەکرا، هەتـا (ڤیلمـان)ی مامۆسـتای ئەدەبـی زانکـۆی (سـۆربۆن) زاراوەی (ئەدەبـی بەراورد) لە زنجیـرەی کۆوانەکانیـدا سـاڵی ١٨٢٧ بەکارهێنـا. پاشـان هەر ئەو زاراوەیە بـوو بە بنـاغەی (قوتابخـانەی تەقلیـدی فەڕەنسـی). ڤیلمـان بـۆ زیـاتر چەسـپاندنی ناوبـانگی ئەو ئەدەبە نـوێیە هەسـتا بە چـاپکردنی زنجیـرەی کۆوانەکـانی لە دوو تـوێی کتێبێکـی سـەربەخۆدا، کە چـاپی یەکەمـی سـاڵی (١٨٣٠) و چـاپی دووەمـی سـاڵی (١٨٤٠) کەوتە بەردەسـتی خـوێنەران و نووسەرانی فەڕەنسی. سەبارەت بە دانەری ڕاستەقینەی زاراوەی ئەم ئەدەبە گەورە تیۆردانەری قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری ئەمریکی (ڕینیە ویلیک) دەڵێت: ((ڤیلمان لە پێشەکی چاپی دووەمی کتێبەکەیدا شانازی بەوەوە دەکات، کە خـــۆی یەکەم کەس بـــووە ئەم زاراوەیەی بـــۆ ئەو تەرزە نـــوێیەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەکارهێناوە، مـافی خۆشـیەتی ئەو شـانازییە بەخۆیەوە بکات)). (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٦٣)

دوای چەسـپان و دەرکەوتنـی ئەم ئەدەبە لە فەڕەنسـا پاشـان ئەو تەرزە لێکۆڵینەوەیە بە وڵاتەکانی تری (ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و ئەمریکا)دا بڵاوبۆوە و لە زانکۆ و ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان بەکارهێنرا.

دەرکەوتــن و ئاشــنایەتی ولاتە عەرەبیەکــانیش لەگەڵ ئەدەبــی بەراورد سەرەتا لەڕێگەی ولاتی میسرەوە بوو، کاتێک ساڵی (١٩٢٥) زانکۆی قاهیرە بابەتێکی بەناوی ئەدەبی بەراورد خستە نێو پرۆگرامی بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبــیەوە، بەڵام ئەمەش تەمەنێکــی زۆری نەخایانــد و زوو لابــرا، تــاکو گەڕانەوەی دکتــۆر (محمــد غــونەیمی هــیلال) و بڵاوکــردنەوەی کتێــبە بەناوبانگەکەی (الأدب المقارن) ساڵی (١٩٥٣)، کە توانی زیاتر ئەدەبی بەراورد بناسێنێ تا کاتی مردنی لە ساڵی (١٩٦٨) هەموو هەوڵێکی بۆ پەرەسەندنی بخاتەگەڕ. لە ئەدەبیاتی کوردیشدا بایەخدان بە ئەدەبی بەراورد بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە و یەکەمین بەرهەمیش کتێبی (ئەدەبی بەراورد) ی دکتۆر (عەزیز گەردی)ە لە ساڵی ١٩٧٨. (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٦٤)

ئەدەبی بەراورد تا ئێستاش پێگەیەکی گرنگ و سەرەکی هەیە لە کردەی ڕەخــنە و هەڵســەنگاندنی ئەدەب و دیــارکردنی دیــوی نــاوەوە و لایەنە شاراوەکانی دەق بە تایبەتی لە ڕەخنەی نوێ و دوای سەرهەڵدانی تیۆرە نوێیەکانی وەرگرتن و کارابوونی ڕۆڵی خوێنەر لەو کردەیەدا.

**سێیەم: قوتابخانەی بەراوردی ئەمریکی و تایبەتمەندییەکانی.**

قوتابخــانە بەراوردییەکــان هەریەکە و خــاوەن بنەمــا و کارنــامەی دیارکراوی خۆیانن، ئەگەرچی هەموویان یەک ئامانجی گشتیان هەیە، کە بەراوردە بەڵام شــێواز و تەکنیــک و ڕێــگەی بەراوردیــان جیــاوازی هەیە، هەرئەمەشە کردوونی بە خاوەن ئامانجی تایبەتی خۆیان.

ئەم قوتابخانەیە قوتابخانەی(ڕەخنەیی)شی پێدەوترێت، چونکە زیاتر بە پێودانــگ و ســیما ڕەخنەییەکــان کــاری کــرد، بە واتــایەکی تــر لە کــردەی بەراوردی زیــاتر ســوودی لە ڕەخــنە وەرگــرت لەچــاو لقەکــانی تــری ئەدەبیاتناســی. لەڕووی ســەرهەڵدانەوە لەدوای قوتابخــانەی فەڕەنســی هاتەکایەوە،. لەڕووی مێژووییەوە لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەستیپێکرد. زۆرێک لە پرەنسیپەکانی پێچەوانەی قوتابخانەی فەڕەنسی بوون دیارترین ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە (ڕینێ ویلیک و ئۆستن وارین) بوون، کە لە کتێبە هاوبەشەکەیاندا بەناوی (تیۆری ئەدەب) ڕەخنە لە پۆل ڤان تیگم و

قوتابخانەی فەڕەنسی دەگرن بەوەی لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکاندا تەنها بایەخ بە ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان دەدەن، ڕینیە ویلیک باوەڕی وایە: ((ئەدەبی بەراورد ناتوانێت نەریتی نەتەوە جیاجیاکان فەرامۆش بکات، بەڵام دەبێ سنوورەکانی ئارەزووی ناسیونالیستیی بەرتەسک جێبهێڵێت)).(ئەسوەد، ٢٠١١، ٤٩) ئەمەش وایکرد چەمکەکانی ئەدەبی گشتی و ئەدەبی جیهانی بێنەکایەوە و مەبەست ((لە ئەدەبی گشتی توێژینەوەبوو لەو بزووتنەوە و ئەو نموونە ئەدەبییانەی کە سنوری نەتەوەییان تێپەڕاندووە و لە ئەدەبی بەراورد دا تـوێژینەوەیە لەو پەیوەندییانەی دوو ئەدەب یان زیاتر بەیەکەوە کۆدەکاتەوە)).((بییربرونیل و أخرون، ت: السید، ١٩٩٦، ١١٢)، کە ڕێبەرانی ئەو قوتابخانەیە زیاتر مشتومڕیان لەسەر دەکرد و چەندین بۆچوونی جیاوازیان لەبارەیەوە خستەڕوو و ڕینیەویلیک و ئۆستن وارین بەشێکی کتێبی تیۆری ئەدەبییان بۆ ئەو دوو چەمکە تەرخانکرد؛ بۆیە ڕەخنەگری عەرەب محمد غنیمی چەمکی ئەدەبی بەراوردی بە واتایەکی تر دیارکرد و گوتی: ئەو زانستەیە، کە توێژینەوە لە کاریگەری و کارتێکردنی ئەدەبی نەتەوەیی بە ئەدەبی بێگانە دەکات، بە واتایەکی تر مەیدانی ئەدەبی بەراورد بریتییە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان ئەدەبە جیاوازەکان.(غنیمی، ١٩٨٧، ١٤). ئەو پەیوەندییانەش یان هونەریین وەک: گواستنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان یان ناوەڕۆکین وەک: گواستنەوەی بابەتەئەدەبی و شەپۆڵە هزرییەکان.

**گرینگترین بنەما و تایبەتمەندییەکانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە:**

قوتابخانەی ئەمریکی بەراوردکردن لە سنووری یەک زماندا پەسەند دەکات، بەو مەرجەی لەڕووی کلتوورییەوە لێک جیاواز بن و بۆچوونیان سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی جیاواز بێ هەرچەند سەر بەیەک زمانیش بن.

بنەمای پەیوەندی کاریگەری و کارتێکردنی نێوان نووسەران مەرجێکی سەرەکی نییە لەم قوتابخانەیەدا، بەڵکو زیاتر ئەرکی لێکۆڵەری بەراورد دۆزینەوەی ئاستی داهێنان و لایەنی جوانکاری دەقە بەراوردکراوەکانە.

لێکۆڵەری بەراورد ڕێگەی پێدراوە چەشنە ئەدەبیە جیاوازەکان بەراورد بکات، واتا پەسەندە شیعر لەگەڵ چیرۆک بەراورد بکرێت.

لەم قوتابخانەیەشدا هاوشێوەی قوتابخانەی فەڕەنسی بەراوردکردن و گرینگیدان بە ئەدەبی فۆلکلۆری و سەرزاری ڕێگەی پێ نادرێت، چونکە (ڕینی ویلک و ئۆستن) کە ڕابەرانی ئەو قوتابخانەیەن پێیان وایە ئەدەبی بەراورد ناتوانێت دەلالەت لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی سەرزاری بکات (حوسێن و نازم و ساڵح، ٢٠٢١، ١٤٩-١٥١).

لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانەیەوە بواری لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان فراوان دەبێت و لەڕێگای دەربڕینی مرۆڤایەتیدا شێوەی هونەرەکانی دیکەش دەگرێتەوە و سنوورەکان دەبەزێنێت. (قەرەنی، ٢٠١٣، ٤٧-٤٨)

## بەشی دووەم:

### بەراوردی نێوان هەردوو شیعری (گل فراموشم مکن) و (لەبیرم مەکە).

ئەو دوو شاعیرە بە هەر هۆکار و کەناڵێک کاریگەری و کارتێکردنیان هەبووبێت لەسەر یەکتر ئەوە پێویستی و گرفتی ئەو توێژینەوەیە نییە، کە کاری لەسەر بکات، چونکە لەسەر بنەماکانی قوتابخانەی ئەمریکی پرۆسەی بەراوردکارییەکە ئەنجامدراوە؛ بۆیە ژیاننامەی هەردوو شاعیر لە پەراوێز هەر بۆ زانیاری خراونەتەڕوو[1].

هەموو دەقێکی ئەدەبی هاوبەشیان لە نێوانیاندا هەیە، ئەگەر هاوژانر بن زۆربەی کات زیاترە و دوو ژانری جیاوازیش بن، لە ڕووی چۆنیەتییەوە جیاوازییەکان زیاتر دەبن، چونکە لە ڕەگەزەکانی ئەدەب(سۆز، بیر، ئەندیشە..هتد) هاوبەشن و سەرەنجامیش ئەدگار و سیمای ئەدەبی بە زمان و پێکهاتەی تری بونیادییانەوە دەردەکەوێت، ئەو دەقە شیعرییانەی کراونەتە کەرەستەی بەراوردکاری ئەو توێژینەوەیە، دەکرێت لە هەموو بونیادە جۆراوجۆرەکانییانەوە بەراوردییان بکەین و بە شێوەی زانستی و زنجیرەیی دابەشیان دەکەین بۆ دوو لایەن:

**یەکەم: لایەنە هاوبەشەکانی هەردوو دەق**

**١-ناونیشان:** بونیادێکی گرنگ و سەرەکی دەقە، پەیوەندی ڕاستەوخۆ و پتەوی بە ناوەڕۆک و دیوی ناوەوەی دەقەوە هەیە، چونکە: ((ناونیشان بەگشتی بونیادێکی سەربەخۆ و بچووککراوەیە، یان ئەویش دەقێکی بچووک و چڕکراوەی زمانییە، بەڵام مەرجیش نییە بچووککراوەی بونیادی دەق بێت، کە لەمەیاندا ناونیشان ناوەڕۆکەکە دیاری دەکات)). (سدیق، ٢٠٠٩، ٢٢) نووسەر و شاعیران بەدانانی ناونیشانی بەهێز سەرنجی خوێنەران بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، کە ئەمەش لێهاتووی نووسەر لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا دەردەخات لەم دوو دەقەدا ناونیشانەکان ئەگەرچی فۆرمیان جیاوازە لای هەردوو شاعیر، کە لە ئەنجامی کاریگەرییان بە ناونیشانی چیرۆکە فەرەنسییەکە هاتۆتە بەرهەم**٢، بەڵام ڕووی واتاوە دەچنە ناو یەک بازنەی واتایی هاوبەشەوە و ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆک و مەبەستی سەرەکی دەقەکانە، وەک (ئیرەج) لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

جز برای دل من بوش مکن      عاشق خویش فراموش مکن

(محجوب،١٤٩:٢٥٣٦)

واتە: تەنها بۆ یاد و بیرەوەری من بۆنی بکە و هەرگیز منت لەیاد نەچێت.

ئیرەج لەناو شیعرەکەدا ئاماژەی بە ناونیشانەکە داوە، کە دەستەواژەی (منت لەیاد نەچێت) تەنها لەڕووی داڕشتنەوە وشەکەی جیاوازە لەگەڵ هێمن ئەگینا لەڕووی مەبەستەوە هەمان مانای هەیە. بەهەمان شێوەی ئیرەج (هێمن)یش لە شوێنێکدا دەڵێ:

به پەلەقاژە گوڵی هێنا دەست<br>
هاویشتی بۆ لای کیژی دیدە مەست<br>
گوتی ئەی یاری ژیکەڵە و ژیرم<br>
هانێ گوڵەکەت مەکە لەبیرم      (موکریانی، ٢٠٠٨، ٢٤٧)

وەک دیارە (هێمن) ی شاعیریش ڕێک وەکو خۆی ناونیشانەکەی لە شیعرەکەدا دووبارە کردۆتەوە، تەنها لەبەر سەروای شیعرەکە پاش و پێشی

بە کردارەکە کردووە.

واتا ناونیشان لە هەردوو دەقەکە کۆنە و داهێنانێکی نوێی ئەوتۆی تێدا نەکراوە، بەڵام ڕەنگدانەوەی واتای ناوەوەیە.

**٢- مۆسیقای دەرەوە:** ئەو جۆرە مۆسیقایەی شیعر ڕەگەزە سەرەکییەکانی بریتیین لە(کێش و سەروا). بە سەرنجدان لە هەردوو دەقەکە دەبینین، کە هەردوو شاعیر پەیڕەوی هەمان جۆر و شێوازی کێش و سەروایان کردووە، کە ئەوانیش کێشی پەنجەی خۆماڵی و جووت سەروا(مەسنەوی) یە، لە دەقە فارسییەکەدا ئیرەجی شاعیر کێشی (١٠) بڕگەیی و سەروای (جووت سەروایی) بەکارهێناوە، وەک دەڵێ:

گفت وه وه چه گل رعنا ئیست    لایق دست چو من زیبائیست

زین سخن عاشق معشوقه پرست    جست در اب چو ماهی از شست

(محجوب، ٢٥٣٦:١٤٩)

واتە: کچەکە گوڵێکی لەناو ئاوەکەدا بینی و وتی: چەند گوڵێکی جوانە؟! شایستەی دەستەکانی منە، واتا بۆ من جوانە و حەزم لێیەتی. لەو ساتەدا عاشقی شێت و شەیدا، وەکو ماسی خۆی فڕێدایە ناو ئاوەکەوە.

هێمنیش بەهەمان شێوە کێشی (١٠)بڕگەیی و جووت سەروا(مەسنەوی) پەیڕەوکردووە و دەڵێ:

چەپکە گوڵێکی وەکوو پتی خوێن

گوتی ئای جوانە، ئەوە گوڵی کوێن؟

بریا هی من با ئەو گوڵە سوورە

حەیفە کەوتە ناو ئاو ئەو شێت و شوورە

هێشتا قسەکەی نەکردبوو تەواو

کە دڵداری شێت خۆی خستە ناو ئاو    (موکریانی، ٢٠٠٨، ٢٤٦)

**٣-زمانی شیعری:** لە هۆنینەوەی دەقی شیعریدا زۆر گرنگی پێدەدرێت بەو پێیەی ((شیعر سەنعەتێکە کەرەستەکەی زمانە)) (ئیبراهیم، ٢٠١٢، ١٧) ، دەبێتە ناسێنەرەوەی خاوەنەکەی و شێوازی شاعیر ئاشکرا دەکات. هەردوو

شاعیر لەڕووی داڕشتنی دەقەکانیانەوە زمانێکی سادە و ساکاری بێ گرێ و دوور لە تەمومژییـــان بەکارهێنـــاوە، وێنەکـــان ڕوون و دیـــارن ســـەرەڕای هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی بە تایبەتی، بەڵام زمانەکانیان ئاڵۆز و قورس نییە.

گفت کای افت جان سنبل تو　　　ما که رفتیم بگیر این گل تو
بکنش زیب سر ای دلبر من　　　یاد ابی که گذشت از سر من
(محجوب، ١٤٩،٢٥٣٦)

وتی: ئەی گیان کێشی من! ئەوا من دەڕۆم و دەمرم و ئەمەش گوڵەکەی تۆیە و بیگرە. ئەو گوڵە بۆ جوانی بکە بە سەرتەوە و خۆتی پێ بڕازێنەوە، بە یادی ئەو ئاوەی منی تێدا نقووم بووم، لێرەدا کوڕەی عاشق مەعشوقەکەی بە (فریشتەی گیانکێشان) چواندووە و دیاردەی لێکچواندنی ئەنجامداوە، واتە هۆکاری مردنەکەی داوەتە پاڵ کچەکە.

(هـێمن)یش لە کێشـانی وێـنە و وەسـفی ڕووداوەکانـدا بە ئاسـانی لە واتاکانیـان تێـدەگەین وســەرەڕای پەیڕەوکردنــی هونەرەکـانی ڕەوانبێـژی دەبینین، کە لە ڕێگەی لێکچواندن و خواستنەوە شیعرەکەی ڕازاندوونەتەوە و دەڵێ:

مانگ لە ئاست هەنیەی شەرمەزار بۆوە
برۆی دی هیلال، خۆی لەبیر چۆوە
جەرگی دەبڕین تیری برژانگی
دڵگر بوو بسکی، لووس بوو لاجانگی　　　(موکریانی، ٢٠٠٨، ٢٤٣)

شاعیر لە ڕێگای بەمرۆڤکردنی مانگ و دروستکردنی لێکچواندنی (برۆ بە هیلال) و (تیر بە برژانگ) شیعرەکەی کردۆتە خاوەن شیعریەتێکی پتەو.

### ٤-مەبەست و ناوەڕۆکی دەقەکان

نـاوەڕۆکی هەردوو دەقەکە ئەوە ئاشـکرا دەکـات، کە هەردوو شـاعیر لە سێ ڕەهەنـدی (دڵداری، خۆبەختکردن، بێ وەفـایی) هاوبەشـن لە نووسـینی چیرۆکە شیعرییەکەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**أ-دڵـداری:** لەبەرئەوەی پـوختەی چیـرۆکەکە باسـی خۆشەویسـتی دوو

عاشق دەکات، هەر بۆیە هەردوو شاعیر لە شێوەی شیعری دڵداری لیریکی بەسەرهاتی دڵداری ئەو دوو خۆشەویستەیان بەشیعر دارشتۆتەوە، (ئیرەج) سەرەتای شیعرەکە بە ئاوات گەیشتنی عاشقەکە دەستپێدەکات و شێت و شەیدایی کورەکە باس دەکات، وەک دەڵێ:

عاشقی محنت بسیار کشید　　　تا لب دجله به معشوقه رسید
نشده از گل رویش سیراب　　　که فلک دسته گلی داد باب
نازنین چشم بشط دوخته بود　　　فارغ از عاشق دل سوخته بود

(محجوب، ١٤٩،٢٥٣٦)

واتە: عاشقێک هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆری کێشا تا گەیشت بە خۆشەویستەکەی لە نزیک ڕووباری دیجلە. هێشتا عاشقەکە لە گوڵی ڕووخساری مەعشوقەکەی تێر نەبوو بوو، کە گەردوون بەزم و کارەساتێکی بەسەر هێنان. مەعشوقەکە تەماشای ئاوەکەی دەکرد و ئاگای لە دڵی عاشقە دڵ سووتاوەکە نەبوو. بەهەمان شێوە هێمنیش لە کۆپلەیەکدا دەڵێ:

بەڵێنی پێدا کیژۆڵەی چاو جوان
لە دەری شاری بۆی بچێتە ژوان
لاوی دڵسووتاو گەیشت بە ئاوات
کە ئەو نازدارەی بۆ لە ژوانێ هات
ئاوێزانی بوو، گرتی لە ئامێز
گووشی بە باهۆی مەردانەی بەهێز
ڕایمووسی لێوی شیرنتر لە قەند
لە دەستی هاڵاند کەزی وەک کەمەند　　　(موکریانی، ٢٠٠٨، ٢٤٥)

**ب_خۆبەختکردن:** ئەمەش ڕەهەندێکی تری شیعری شاعیران پێکدەهێنێت و چەندین نموونەی تری هاوشێوەی ئەم کورتە چیرۆکە لە ئەدەبی کوردیدا هەیە، کە عاشق بۆ مەعشوقەکەی خۆی کردۆتە قوربانی و بەنموونەی شیعری دارێژراونەتەوە، وەک (شیرین و فەرهاد، خەج و سیامەند، مەم و زین، لاس و خەزاڵ...هتد). ئیرەج بە (٦) دێڕ ئەو دیمەنە دڵتەزێن و قوربانی دانە بەشێوەی شیعر باس دەکات، وەک دەڵێ:

| | |
|---|---|
| باری آن عاشق بیچاره چو بط | دل بدریا زد و افتاد بشط |
| دید آبیست فراوان و درست | بنشاط آمد و دست از جان شست |
| دست و پایی زد و گل را بربود | سوی دلدارش پر تاب نمود |
| گفت کای آفت جان سنبل تو | ما که رفتیم بگیر این گل تو |
| بکنش زیب سر ای دلبر من | یاد آبی که گذشت از سر من |
| جز برای دل من بوش مکن | عاشق خویش فراموش مکن |

(محجوب، ٢٥٣٦،١٤٩)

واتە: بەڵێ ئەو عاشقە داماوە وەک مراوی خۆی هاویشتە ناو ئاوەکەوە. کاتێک بینی کە ئاوێکی فراوان و قووڵە، بە تەمای خۆی نەما و دەستی لە خۆی شۆری. بە پەلەقاژێ گوڵەکەی گرتەوە و بۆ خۆشەویستەکەی هاویشت. وتی: ئەی گیان کێشی من! ئەوا من دەڕۆم و دەمرم و ئەمەش گوڵەکەی تۆیە و بیگرە. ئەو گوڵە بۆ جوانی بکە بە سەرتەوە و خۆتی پێ برازێنەوە، بە یادی ئەو ئاوەی، کە منی تێدا نقووم بووم. تەنها بۆ یاد و بیرەوەری من بۆنی بکە و هەرگیز منت لەیاد نەچێت.

لەم شیعرەشدا بەهەمان شێوە هێمن مەبەستی خۆبەختکردنی کوڕە عاشقەکە بۆ مەعشوقەکەی تێکەڵ بە ناوەڕۆکی دڵداری چیرۆکەکە کردووە و بە (٦) دێر چۆنیەتی قوربانیدانەکە دەنووسێتەوە، وەک دەڵێ:

هێشتـــا قسەکەی نەکردبوو تەواو
کە دڵداری شێت خۆی خستە ناو ئاو
بە پەلەقاژە گوڵی هێنــــا دەست
هاویشتی بۆ لای کیژی دیدە مەست
گوتی ئەی یاری ژیکەڵە و ژیرم
هانێ گوڵەکەت مەکە لـــــەبیرم
گێژاو لوولی دا، شەپۆل نوقمی کرد
خوڕێنی چۆمی کەلاکیشی بــــرد (موکریانی، ٢٧٠٨، ٢٤٧)

شاعیر ساتی نقووم بوون و لوولدانی عاشقی دڵگەرم بە وشەی بەهێز و ئەدەبی جوان وێنا دەکات و وەکو ڤیدیۆیەک چۆنیەتی خۆبەختکردنەکە

دووبارە نمایشدەکاتەوە. شاعیر لە شێوازی باسکردنی خۆبەختکردنەکەیدا لە چەندین وشە و دەربڕیندا لێکچوونی لەگەڵ (ئیرەج)دا هەیە و نموونەیەکی جوانی قوربانیدان بە شێوازێکی سادە و بێ گرێ و گۆڵ دەخاتەڕوو.

**ت- بێوەفایی:** ئەم لایەنەش دیویکی تری چیرۆکەکە پیشاندەدات و بێوەفایی مەعشوقەکان بەرامبەر عاشقان دەردەخەن. ئەم لایەن و نموونە ناشیرینانە لە دەقە فارسییەکەی (ئیرەج)دا ئاماژەی پێدراوە و شاعیر مەعشوقە جوانە بێوەفاکان بە خۆپەرست و بێباک ناو دەبات، وەک دەڵێ:

خود ندانست مگر عاشق ما		که ز خوبان نتوان جست وفا
عاشقان را همه گر آب برد		خوبرويان همه را خواب برد
(محجوب، ٢٥٣٦،١٤٩)

واتە: عاشقی بەستەزمان نەیزانی، کە هەرگیز نابێت چاوەڕوانی وەفا و دڵسۆزی لە مەعشوقی جوان بکرێت. ئەگەر هەموو عاشقەکان ئاو بیانبات، مەعشوقە خۆپەرستەکان بە خەیاڵیاندا نایەت و بێ باک لێی دەخەون و لەبیریان دەچێتەوە. هاوشێوەی ئیرەج هێمنی شاعیریش بە (٦) دێڕ باسی بێوەفایی کچەکە دەکات بەرامبەر عاشقی شێت و خۆبەختکەر، وەک دەڵێ:

تێنەگەیشتبوو دڵــــداری بێهۆش
کە کچ زوو کوڕان دەکەن فەرامۆش
هیچ کەس بەو کارە ناڵێ ئازایی
خۆی بەکوشت بدا پیاو بەخۆڕایی
خۆی بە ئاودا دا بۆ هەوەسی چووک
پێی وابێ پاش ئەو کچ نابێ بە بووک		(موکریانی، ٢٠٠٨، ٢٤٨)

**دووەم: لایەنە جیاوازەکانی هەردوو دەق:**

**١- فۆڕم و قەبارەی شیعرەکان:** هەردوو دەقە شیعرییەکە لە فۆڕم و قەبارەدا جیاوازن، بە شێوەیەک، کە (ئیرەج) لە نووسینی دەقەکەدا زیاتر کورتتبڕی کردووە و وشەی کەمتری بەکارهێناوە، وەک لە دێڕێکدا دەڵێ:

نشیده از گل رویش سیراب        که فلک دسته گلی داد باب
(محجوب، ١٤٩،٢٥٣٦)

واتە: هێشتا عاشقەکە لە گوڵی ڕووخساری مەعشوقەکەی تێر نەبوو بوو، کە گەردوون بەزم و کارەساتێکی بەسەرهێنان.

زۆر بەکورتی و پوختی چیرۆکەکەی گێڕاوەتەوە، لە ڕێگەی ئابوری کردنی وشە کەمترین فۆڕمی بۆ گەیاندنی واتاکە بەکارهێناوە، وەک لە نموونەکەدا دیارە، کە بە وەسف کردنی ڕووخساری ڕووی مەعشوق بە گوڵ و پیشاندانی شێوەیەکی جوان و زۆر بە کورتی ڕووداوەکە باس دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە (هێمن) بەشێوەیەکی جیاوازتر و درێژدادڕی زیاتری کردووە، بە نزیکەی (١٢) دێڕ سەرەتای شیعرەکە بەوەسف دەستپێدەکات. لە کۆپلەیەکدا دەڵێ:

وەهام بیستووە سەردەمی پێشوو
لە گەورە شارێک نازدارێک هەبوو
کچێکی قیت و قۆز و کەڵەگەت
شاکاری دەست و نەخشی تەبیعەت
شۆخ و لەبار و جوان و ڕەزاسووک
لە ڕاست ڕووی دەچوو ئابڕووی گوڵووک
دڵتەڕ، مەشرەف خۆش، زار بە پێکەنین
شل و مل، ئەسمەر، ناسک، نازەنین
دیدەکاڵ، لێوئاڵ، بسک سێ بەنگی      (موکریانی، ٢٠٠٨، ٢٤٢)

وەسف و دەسپێکی ئەو درێژدادڕی تێدایە و لە ڕووی چەندێتییەوە وشە و فۆڕمی زۆر زیاتری بەکارهێناون.

**٢- وێنەی هونەری:** کەرەستەیەکی جوانکاری دەقی ئەدەبیە و پەیوەستە بە لێهاتووی و وەستایی شاعیرەوە، چونکە ((هەموو قەسیدەیەک بۆ خۆی وێنەیەکی شیعرییە و لە کۆمەڵێ وێنەی شیعری تر پێکهاتووە)) (ئەحمەد، ٢٠١٤، ٢١٣) ئەمەش ئەوە دەردەخات قەسیدەش وەکو زەخرەفە هەڵگری چەندان وێنەی هونەرییە. هەردوو شاعیر لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتی

وێنەکانیان جیاوازن.

ئیرەج میرزا لە شوێنێکدا دەڵێ:

زاین سخن عاشق معشوقه پرست      جست در اب چو ماهی از شست
باری ان عاشق بیچاره چو بط      دل بدریا زد و افتاد بشط

(محجوب، ٢٥٣٦،١٤٩)

واتە: لەو ساتەدا عاشقی شێت و شەیدا، وەکو ماسی خۆی فڕێدایە ناو ئاوەکەوە. بەڵێ ئەو عاشقە داماوە وەک مراوی خۆی هاویشتە ناو ئاوەکەوە.

وەک دیارە شاعیر خۆفڕێدانە ناو ئاوی کوڕە شێت و شەیدایەکەی هاوشێوەی جووڵەی ماسی و مراوی وێنا کردووە و بە پیشاندانی جووڵەی وێنەکە لەشێوەی ئاڕاستەی سەر بەرەوخوار جۆری وێنەکەی دیاری کردووە. شاعیر زۆر بەسادەیی چیرۆکە شیعرییەکەی هۆنیوەتەوە و کەمترین وێنەی هونەری تێدا دەبینرێت، بەڵام هێمن موکریانی جیاواز لە ئیرەج چەندین وێنەی هەمەجۆری کێشاون و درێژدادڕییەکی کردووە لە وێنەکاندا، وەک لە کۆپلەیەکدا دەڵێ:

مێلاقە بادەی ئاونگی دەمشت
شلێر فرمێسکی شادی هەڵدەڕشت
خونچە دایدڕی بەرۆکی کراس
لە خیز هاتە دەر چووزەلە ڕێواس      (موکریانی، ٢٠٠٨، ٢٤٥)

شاعیر زۆر جوان باسی سەوزبوونی دەشت و دەر دەکات، بە دانەپاڵی سیفەتەکانی مرۆڤ بۆ سروشت و گوڵزار و لێکدانی چەند وێنەیەکی تاک وێنەیەکی گشتی هونەری بەرزی دروستکردووە. بەخوێندنەوەی هەموو دەقەکەی هێمن چەندان وێنەی هونەری جۆراوجۆری بە وشە کێشراو لە وێنەیەکی گشتیدا دەبینی، کە زیاتر چیرۆکە شیعرییەکەی ڕازاندۆتەوە.

**٣- جیاوازی دەقەکان لەڕووی ناوەڕۆکەوە.**

هەبوونی خاڵی جیاواز لە نێوان هەردوو دەقەکاندا هەر تەنها لەڕووی فۆڕمەوە نییە، بەڵکو لایەنی ناوەڕۆکیشی گرتۆتەوە و پرۆسەی بەراوردکردنەکەیان دەوڵەمەندتر و بەپێزتر کردووە. بەشێوەیەک جیاواز لە

(ئیـــرەج)ی فـــارس کاتێـــک دەقەکەی (هـــێمن) دەخـــوێنیتەوە هەســـت بە ڕەنگدانەوەی چەند ڕەهەند و مەبەستێکی تری شیعریی دەکەی، کە هێمن ویستویەتی لەڕێگەی دەقی چیرۆکەکەوە تێهەڵکێش ئەنجام بدات و باڵادەست بێت لە هۆنینەوەی زیاتر لە ڕەهەندێک لەناو دەقی (لەبیرم مەکە)دا، کە هەر ئەمەش وایکـردووە بە (٧٦) دێـڕ کـورتە چیـرۆکەکە چڕتـر بناسـێنێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**أ- وەسفی ئافرەت**: یەکێکە لە مەبەستەکانی شیعری لیریکی و شاعیرانی کلاسیک و نوێخواز و هاوچەرخ و پۆستمۆدێرنیش زۆر گرنگیان پێداوە و بەشێکی گەورەی لە خەرمانی ئەدەبی کوردی بەرکەوتووە. کاتێک دەقە فارسییەکەی (ئیرەج) دەخوێنیەوە ئەو وەسفە نابینین و شاعیر باسی ئەو لایەنەی نەکردووە، بەڵکو تەنها پوختەی چیرۆکەکەی زۆر بە سادەیی باس کـردووە، بەڵام هێمنـی شـاعیر بەهـرەی شـیعری خـۆی لەم مەبەسـتەدا تاقیکردۆتەوە و (١١) دێری دەقەکەی تەرخانکردووە بۆ ئەو مەبەستە، وەک دەڵێ:

کچێکی قیت و قۆز و کەڵـەگەت
شاکاری دەست و نەخشی تەبیعەت
شۆخ و لەبار و جوان و ڕەزاســـوک
لە ڕاست ڕوی دەچوو ئابڕووی گوڵووک
دڵتەڕ، مەشرەف خۆش، زار بە پێکەنین
شان و مل، ئەسمەر، ناسک و نـازەنین
دیدە کاڵ، لێو ئاڵ، بسک سێ بەنگی
خاڵی سەر کوڵمەی ڕەشتر لە زەنگی
مەمک خڕ و توند، سینە نەرم و پان
گەردن درێژ و چەنە کورت و جـوان (موکریانی، ٢٧٠٨، ٢٤٢)

هێمن زۆر جوان وەسفی ڕووخسار و بەژن و باڵای کچەکە دەکات و، هەروەکو تابلۆیەک وێنەکەی بە وشە دەکێشێ، ئەمەش هەر بە شارەزایی و وەستایی هێمن دەکرێت.

**ب- وەســفی سروشــت:** لەم لایەنەشــدا (ئیــرەج) لە دارِشــتنی دەقە فارسیەکەدا ئەم رەهەندەشی فەرامۆشکردووە و هیچی لەبارەوە نەنووسیوە، بەلام لە دەقەکەی (هێمن) ئەم مەبەستەش رەنگیداوەتەوە و شاعیر بە (٧) دێرِ وەسفی دەستپێکردنی وەرزی بەهار دەکات و زیاتر بە ناخی چیرۆکەکەدا شۆرِدەبێتەوە، وەک دەڵێ:

بەهار بوو دیسان خەملی وەک بەهەشت
مێرگ و لاپاڵ و بەندەن و پێدەشـــت
کانی وەک دیدەی ئاواران پرِ جـۆش
شنە وەک دیدەی نازداران بۆن خۆش
گووڵ پشکووت، بلبل وەورینگە کەوت
کەو لەسەر رەوەز هەڵیگـــرت رەوت      (موکریانی، ٢٧٠٨، ٢٤٥)

هێمن زۆر شارەزایانە (بەهار، کانی، شنە، گووڵ، کەو) پێکەوە ئاوێزانی یەکتر کردوونە و وێنەیەکی هونەری جوانی وەرزی بەهاری خستۆتەروو.

**پ- شـــانازیکردن:** ئیــرەج لە دەقە فارســییەکەدا بە دەقئــاوێزانکردنی (پەندی پێشینان) شێوەی ئەو شانازی کردنەی بە جیاوازتر خستۆتەروو، وەک دەڵێ:

خوانده بود این مثل آنمایەء ناز      کە نکویی کن و در آب انداز
(محجوب، ١٤٩،٢٥٣٦)

واتە: عاشق ئەو پەندەی خوێندبووە (بیستبووی) کە دەڵێ: چاکە بکە و بیدە بە دەم ئاودا.

بەلام هێمنی شاعیر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ باسی ئەم لایەنەش دەکات و تیشک دەخاتە سەر پرِکردنەوەی پەرِەکانی مێژوو، وەک دەڵێ:

کەسێک دەیەوێ قەت نەکرێ لەبیر
ناوی لاپەرِەی مێژوو بکـــا داگیر
خەڵک بە مەردی و ئازایی و پیاوی
هەتا هەتایە هەر بەرن نــــاوی
ببێ بە مایەی سەربەرزی کۆمــەڵ

بۆی دروست بکەن پاش مردن کۆتەڵ
لەڕیزی گەوران نـاوی بنووسرێ
سەت شیعری باشە پێ هەڵبگوترێ (موکریانی، ۲۰۰۸، ۲٤۹)

لێـرەدا شــاعیر ڕەهەنـدی شـانازی کـردن دەوروژێنێـت و ئامـاژە بەوە دەدات کـوڕە عاشـقەکە ویسـتویەتی بەو خـۆبەختکردنەی نـاوی بچێتە پەڕەی مێژووەوە و شانازی بە قوربانیدانەکەی بکات.

## ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە گەیشتووتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. ئەو دوو شـــاعیرە هەریەکە و داهێنـــانی نـــوێ و جیاوازییـــان لە دەقەکەیاندا کردووە؛ بۆیە هەریەکەو خاوەن ئیستیکای تایبەت بە خۆیانن.

٢. هەردوو دەقەکە لە ڕووی شێوازی زمانی دەربڕین و وێنەی شیعری و مۆسیقای دەرەوە هاوبەشن.

٣. نـاوەڕۆکی هەردوو دەقەکە لە مەبەسـتەکانی (دڵداری، خـۆبەختکردن، بێوەفایی)دا لێکدەچن.

٤. ئەم دەقـانە لە ڕووی فـۆرمی دارشـتنەوە لێـک جیـاوازن و دەقەکەی هێمن درێژترە و دەقەکەی ئیرەج کورتترە.

٥. هەردوو دەقەکە لەڕووی چەند لایەن و بونیادێکدا لێکجیـاوازن وەک: وێنەی هونەری و ڕەهەندە واتاییەکانی ناوەڕۆک.

## پەراوێزەکان:

(١) ئیرەج میرزا:

ئیـرەج لە سـاڵی (١٨٧٤ز) لە تەبرێـز لەدایکبـووە و سـاڵی (١٩٢٦ز) کـۆچی دوایـی کـردووە. کـوڕی (غـولام حسـێن میـرزا) نەوەی (فەتـح عەلـی شـای قاجـار) و لەقوتابخـانەی (داروافنـوون) لە تەورێـز خوێنـدویەتی و لەوێـدا زمـانی فەڕەنسـی فێربووە. بەهۆی ئەوەی شازادە بووە هەر لە تەمەنی لاوێتیدا پۆسـتی سیاسـی و دەوڵەتـی وەرگرتـووە. بـاوک و بـاپیر و زۆربەی کەسـانی بنەمـاڵەکەی شـاعیر

بوونە. ناسنامەی (جلال الممالک) و (فخر الشعرا)ی هەبووە. یەکێک بووە لە شاعیرە گەورە و دیارەکانی سەردەمی مەشروتە، واتا سەردەمی کۆتایی قاجارییەکان و سەرەتای پەهلەوییەکان، هەروەها یەکێک بوو لە نوێکەرەوانی شیعری فارسی و ناوەڕۆکی شیعرەکانی زیاتر (ڕەخنەیی و کۆمەڵایەتی و داشۆرین و دڵداری و پەروەردەیین). شیعرەکانی سادە و ڕەوانن و زۆربەی کەس لەناو فارسدا حەز بە شیعرەکانی دەکات. (محجوب،٢٥٣٦، ٣-٦)

هێمن موکریانی:

ناوی تەواوی سەید محمد ئەمین کوڕی سەید حەسەنی شێخەلئیسلامی موکرییە، لە ساڵی (١٩٢١) لە گوندی لاچین لەنزیک مەهاباد (ساباڵغ) لەدایکبووە. دوای ئەوەی ساڵی (١٩٤٣) دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ. ک) ناوی (هێمن) دەبێتە ناوی نهێنی و، لەپاشان وەکو نازناوی شیعری بەکاریهێناوە و لەناو خەڵکدا بەو ناوە ناسراوە. هێمن دەربارەی نازناوی خۆی دەڵێ: ((شاعیری هیچ قازانجی بۆ من نەبووبێ ئەو قازانجەی هەبووە کە ئەو ناوە دوور و درێژەی سەید محمدئەمینی شێخەلئیسلامی موکری لە کۆڵ کردوومەتەوە)) (موکریانی، ٢٠٠٨، ٢٠) واتا (هێمن) بەکورتکراوەی ناوی خۆی دەزانێ و ئەم نازناوە ناسراوییەکی زۆری پێبەخشیوە. هێمن هەڵکەوتەی خێزانێکی دەوڵەمەند دەبێ وەک خۆی دەڵێ: ((بابم هەم دەوڵەمەند بوو، هەم بەدڵ و دەسبڵاو؛ چاکی بەخێو دەکردین. بەمنداڵی زۆر تێر و تەسەل و کۆک و پۆشتە بووم، بەڵام کۆیلە و دیل بووم، کۆیلەی ناو قەفەزی زێڕ، کۆیلەی ڕێ و شوێنی کۆن. ڕێ و شوێنی بنەماڵەکەمان ئیجازەی نەدەدا من لەگەڵ هاوتەمەنەکانم گاڵتە و گەپ بکەم، چونکە من کوڕە دەوڵەمەند بووم و ئەوان کوڕە هەژار)) (موکریانی، ٢٠٠٨، ٢١-٢٢).

شاعیر لە تەمەنی (٥- ٦) ساڵان دەخرێتە بەر خوێندنی ئەلف و بێ و پاشان لە تەمەنی (٨) ساڵان باوکی دەینێرێتە قوتابخانەی دەوڵەتی لە مەهاباد، ئینجا دوای ٤ ساڵی قوتابخانە ڕەوانەی خوێندنی ئاینی و خانەقای شێخی بورهان دەکرێت. لەساڵی (١٩٣٨) وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی (١٩٤٦) هاوسەرگیری لەگەڵ کچی خاڵی کردووە. هێمن لەبارەی سەرەتای شیعر نووسینی دەڵێ: ((ساڵی ١٩٤١ لە ئەدەبیاتی فارسی و کوردیشدا شارەزایی تەواوم پەیدا کردبوو، بۆ خۆشم شیعرم دادەنا، بەڵام شیعرەکانم پوختە نەبوون؛

لاسایی شاعیرە کۆنەکانم کردبۆوە، هەموو جۆرە شیعرێکم دانابوو تەنانەت لە فرهاویشتندا لاسایی" شێخ ڕەزا " و " ئیرەج میرزا " ی فارسیشم کردبۆوە.)) (موکریانی، ۲۰۰۸، ۳۸) لەساڵی (۱۹٦۸) لەبەر دەست درێژی شای ئێران سەری خۆی هەڵدەگرێ بۆ باشووری کوردستان و لەناوچەی حاجی ئۆمەران دەبێتە میوانی شۆڕش. ساڵی (۱۹۷٥) لە بەغدا تووشی نەخۆشی مێشک دەبێ و ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە و ساڵی (۱۹۷۹) دەگەڕێتەوە مەهاباد و ماوەیەک لە گۆڤاری (سروە)ی کوردی لە ورمێ کاردەکات. لە ڕۆژی (۱۷) ی نیسانی (۱۹۸٦) کۆچی دوایی دەکات و لە مەهاباد دەنێژرێت.

(۲) (**) ئەو چیرۆکە فەرەنسییە لە بنچینەدا بەم شێوەیەیە، چیرۆکەکە باسی دوو عاشق دەکات، کە لە نزیک ڕووبارێک دانیشتوونە و لەناکاو گوڵێک بەناو ڕووبارەکەدا تێدەپەڕێت و کچەکەش دەڵێ: ئای لەو گوڵە چەند جوانە! کوڕەکەش لەبەرخاتری خۆشەویستەکەی، وەکو ماسی خۆی فڕێدەداتە ناو ئاوەکەوە و گوڵەکە دەگرێتەوە و بۆ دڵدارەکەی دەهاوێت و، پاشان لەو ئاوە زۆر و قووڵەدا کوڕەکە نقووم دەبێت و بۆ دوایین جار سەیری خۆشەویستەکەی دەکات و دەڵێ: (لەبیرم مەکە)؛ لەبەرئەوەی (ئیرەج میرزا) فەرەنسی زانیوە؛ بۆیە بەشێوەی شیعر ئەم چیرۆکەی بە فارسی نوسیووە و (هێمن موکریانی) لەبارەی ئەم چیرۆکە دەڵێ: ((گوڵێکی زۆر جوان هەیە بە فارسی پێی‌دەڵێن – گل فراموشم مکن، گوڵ لە بیرم مەکە- چیرۆکێکی زۆر لەتیفی لەسەر هەیە، من لەو چیرۆکە کە دەڵێن لە ئەسڵدا فەرەنسەیی بووە ئیلهامم وەرگرت بۆ هۆندنەوەی ئەم پارچە شیعرە، دیارە وەرم نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو بەرگی کوردیم لەبەرکردوە، و ویستی کوردانەم تێدا گونجاندوە ...)) (گەردی، ئەدەبی بەراورد، وەریگرتووە لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٦، ۱۹۷۳) هەروەها هەر بەهۆی ئەم چیرۆکەوە ئێستا لە ئێران جۆرە گوڵێک هەیە بەناوی (گل فراموشم مکن)، کە گوڵێکی جوان و ناسراوە.

## سەرچاوەکان:

### أ-کتێب


١. ئەحمەد، صافیە محمد(٢٠١٤)، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربال محمود، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٢. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی(ئەدەبی بەراورد)، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
٣. ئیبراهیم، محەمەد عەبدولکەریم(٢٠١٢)، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
٤. حوسێن و نازم و سالح، هیمداد (د.) و سەنگەر و ڕێزان (د.): ٢٠٢١، ئەدەبی بەراورد، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر. هەولێر.
٥. خەیات، ئاری عوسمان(٢٠١٩)، ڕوانگەی ڕەخنە و ڕوانینی تیۆریی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، سلێمانی.
٦. روسو و كلودبيشوا، أندريه ميشيل و بييربرونيل، ت: غسان السيد(د.)، ما الأدب المقارن؟(١٩٩٦) ، ط١، دار علاءالدين دمشق.
٧. سدیق، ئارام(٢٠٠٩)، ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٨. شوان، ئیبراهیم احمد(٢٠١٤)، بەراوردی ئەدەبی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین هەولێر.
٩. طحان، ريمون(١٩٧٢)، الادب المقارن والادب العام، دار الكتاب البناني، بيروت.
١٠. گەردی، عەزیز(١٩٧٨)، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
١١. غنيمى، محمد هلال(١٩٨٧)، الأدب المقارن، دار العودة، بيروت.
١٢. محجوب، محمد جعفر(د.) (٢٥٣٦)، تحقيق در احوال و اثار و افكار و اشعار ايرج ميرزا و خاندان و نيگان او، چاپ چهارم،شركت چاپ افست گلشن.
١٣. مەعروف، کەمال(د.) (٢٠٠٨)، زانستی ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
١٤. موکریانی، هێمن(٢٠٠٨)، دیوانی هێمن، چاپی یەکەم، پەخشانگای ئازادی، سلێمانی.

**ب–گۆڤار:**

١. ئەمین و شێخ حسێن، سیروان جبار (پ.ی.د) و کاظم (م.ی)، (٢٠١٨)، بەراوردکردنی ڕۆمانی "میرنامە" ی جان دۆست و ڕۆمانی "سەمەرقەند" ی ئەمین مەعلوف لەژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی ئەمریکی، گۆڤاری توێژەر، ژ. ٢، پاییزی، زانکۆی سۆران.
٢. عەبدوڵلا، ئیدریس(٢٠٠٨)، پوختەیەک لەبارەی ئەدەبی بەراوردکاری و قوتابخانەی سلاڤی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا، گۆڤاری ڕامان، ژ. ١٣٨.
٣. قەرەنی، ئەحمەد (د.) (٢٠١٣)، خاڵە جیاواز و لێکچووەکانی هەر سێ قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری فەڕەنسی_ سلاڤی_ ئەمریکی، گۆڤاری ڕامان، ژ. ١٨٩.

**الملخص:**

الأدب نتاج اللاشعور، واللغة التي تُكتب بها الأدب لها خصائص وعلامات تخص بها؛ لذا يكون له شكل يميزه عن الكتابات والتعبيرات الأخرى، وهذا هو السبب وراء تقارب واشتراك الأدب العالمي في خصال عدة ومكونات مشتركة لكل ضرب من الأضرب .والشعر بصفته جزء من الأدب سواء من حيث الشكل والمعنى فلا يخرج عن هذا، إضافة إلى أسلوب الشاعر والمرحلة الأدبية التي انتج فيها، إذ تحمل خصائص وتعريف يخصه .تقارب واشتراك نصين أدبيين أمر طبيعي وموجود، سواء بالشكل المباشر جراء تأثر كاتب وشاعر بكاتب وشاعر آخر، أو بالشكل غير المباشر نتيجة اشتراك الدين والتراث والثقافة المشتركة .في بعض الأحيان يتأثر الكُتّاب بهذه الأسباب ويكون لديهم نفس الرؤية للمظاهر والعالم الذي يحيطهم وفي النتيجة تُنتج نصوص متشابهة، لذا ومن هذا المنطلق جاء هذا البحث تحت عنوان : مقارنة شعري (" گل فراموشم مكن " لصاحبه (ئيرەج ميرزا) و " لەبيرم مەكە " لصاحبه (هێمن موكريانى) تحت ضوء المدرسة الأمريكية .إن هذا البحث قارن بين هذين النصين الشعريين من خلال مباديء وخصائص هذه المدرسة التقابلية، وفق خطة علمية إذ قُسم البحث على فصلين بالإضافة إلى المقدمة. وقد خصص الفصل الأول للحديث عن الجانب النظري، وتناول مسائل مصطلحات الأدب المقارن، وتأريخ ظهور الأدب المقارن، وأهمية المقارنة الأدبية وخصائص المدرسة التقابلية الأمريكية. كما خُصص الفصل الثاني لمقارنة النصين، حيث خُصص محور الأول للنقاط المتشابهة بينهما، كما تم ذكر النقاط المخالفة في المحور الآخر، وفي النهاية عُرضت نتائج البحث في نقاط عدّة، مع ذكر قائمة المصادر التي تمت الاستفادة منها، وقد قُدم الملخص بالبحث باللغة الإنجليزية.

**الكلمات الدالة:** ادب المقارن، المدرسة الامريكية، لاتنسانى، گل فراموشم مكن، قصة الشعرية.

## Abstract

All sorts of literary genres have something in common. Poetry, as an element of literature, although has its own characteristics in terms of form and content, that is either be because of the poet's writing style or the era the poem is composed in, it is both similar to and different from another poem when compared to each other. Hence, this research is conducted under the title of " A comparison between the poems of Erich Mirza Gul Framoshm Makan - Flower don't forget me) and Hemn Mukeryani (Labirm Maka - Don't forget me). This research is made according to the American School of Poems. It is an attempt to analyze and present the different and similar features of both poems.

This research consists of an introduction and is divided into two chapters. Chapter one covers the theoretical framework of the study focusing on the term of comparative literature, the history of the arrival of comparative literature, The American Comparative School and its characteristics. Chapter two is dedicated to the comparison of both poetic texts, including a brief biography of the two poets and the practical framework. The study concludes by forming the conclusion, the references as well as the abstract in Arabic and English.


**Keywords**: Comparative Literature, American School, Don't forget me, Flower don't forget me, Poetic Story.